# ڕۆشنبیریی کوردی لە سێبەری ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا

## پێشینەیەکی مێژوویی:

لە هەر نەتەوەیەکدا ڕۆمانسیەت و بیری فەلسەفی، تێروانینێکی سەروەر بوو بێتن بۆ جیهان، ئەوا لەو نەتەوانەدا دەستەواژەی قەبەو فووتێکراو، جێگایان بە مێژوو چۆڵکردووە.
لە هەر نەتەوەیەکدا لێکدانەوەکان، پاشکۆی مێژوویەکی بەکردەوە نەبووبێتن، ئەوا لەو نەتەوانەدا، تێرامان، لێدوان و شیکرنەوەکانی لە تەمومژێکی فەلسەفیدا خنکاندووە، ووشە چنین و داڕشتنێکی زمانەوانی، جێگای تێگەیشتنە ڕیالیستیەکانیان گرتۆتەوە، گووتاری بەڵگەنەویست، کەوتوونەتە گوزارشت لە بوونێک کە هیچ جێگەو پێگەیەکی لە مێژوودا نیە خەیاڵ نەبێت.

لە سەردەمێکی وەک ئەمرۆدا، ئەم جۆرە لێکدانەوە خەیاڵیە بۆ جیهان، خۆی بۆ خۆی، هەڵاتنە لە دەست مێژوو، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مەیدانی ئایدیۆلۆژیاو سڕینەوەی هەموو پەیوەندیە بەکردەوەکان و پەنا بردن بۆ ئەو پەیوەندیە وەهمیانەی جێگایەکیان بۆ نادۆزرێتەوە لە مێژوودا، ئایدیالیزمی فەلسەفی نەبێت.

بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرە، لە هەمانکاتدا، دەبێتە باکگراوندی ئەدەبێکی لەخۆڕازیبوو؛ نیشانە نیە بۆ هیچ، لووتبەرزیی کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی لەخۆبایی بوو نەبێت کە دەیانەوێت سەرلەنوێ، گیان بکەنەوە بە بەر ئەو ووشە کۆن و بەسەرچووانەدا، کە لە مێژە، لە شانۆیەکی جیهانیدا، جێگایان بۆ تێڕوانین و مێتودە تاقیگەییەکان چۆڵکردووە.

ڕۆشنبیرانی کورد لەبری گەڕان بەو شانۆ جیهانیەدا؛ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیە بەکردەوەکانی کۆمەڵگای کوردی و جێگەو پێگەی تاک لەو کۆمەڵگایەداو گوزارشتێکی بەکردەوە لە پەیوەندیە مێژووییەکانی ئەو تاکە کۆمەڵایەتیانە، دەکەونە قەرزکردنی ووشەو زاراوەی فەلسەفی لە کۆنترین نەتەوەکانی سەر ئەم زەمینە، ئەمەیش بۆ باسکردن لە پەیوەندی مرۆڤ بە بابەتێکەوە کە هیچ مانایەک نادات لە سەری خۆیاندا نەبێت، ئەو مرۆڤەی لە نەتەوە پەڕگیرو دواکەوتووەکاندا، هەمیشە بابەتی تێرامانێکی فەلسەفی بووە، بەلام لەسەر شانۆی جیهانی، لەمێژە بۆتە بابەتی زانستی مێژوو.

تێکەڵبوون بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بازاڕی جیهانی، بەسە بۆ هەستکردن بە مێژوو وەک مێژوویەکی جیهانی. هێنان و ناردنە دەرەوەی بەرهەمە پیشەسازیەکان و گەشەی شێوازەکانی هاتووچۆو پەیوەندی، لە هەمانکاتدا واتای خێراتر کردنی سایکڵە ئابووریەکان و گەڕانەوەی دەرئەنجامە کۆمەلایەتیەکانیانە لەسەر هەر نەتەوەیەک کە بە بازاڕی جیهانیەوە دەبەسترێت. ئەمەیش مەرجی پێکهاتنی چینێکی برجوازی ناوخۆیی لە سێبەری دەسەلاتێکی نەتەوەییدا، دەکاتە مەرجی بوونی ئەو کۆمەڵگایە وەک کۆمەڵگایەکی برجوازی. وە ئیتر هەر لێرەوە، هەموو ناکۆکیە ناوخۆییەکان، دەکەونە نێوان سەروەرە سیاسیەکان و هەژارو بێدەرەتانەکانی ئەو نەتەوەیەوە.

ئەم دوو مەرجە مێژووییە - پەیوەندی نەتەوە بە بازاڕی جیهانی و سەرهەلدانی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیە ناوخۆییەکان – لە هەمانکاتدا، دەبنە مەرجێکی مێژوویی پێشوەخت بۆ لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ پێکهاتە کۆمەلایەتیەکان و پێویستی تێڕوانینێکی پێچەوانە بە ئایدیۆلۆژیا فەلسەفیەکان. واتە لێکدانەوەی ئەو حاڵەتە مێژووییە، بەستراوە بە خودی مەرجەکانی ژیان و پەیوەندیی هەژاران و دەسەڵاتدارانەوە بە تایبەتی.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت تا ئەو کاتەی ئاشتی کۆمەڵایەتی، لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتیە ناکۆکەکاندا سەروەر بێت، تا ئەوکاتە تاکەکان و هەموو دیاردەکانی دەوروبەریان، دەبنە بابەتی تێرامانێکی فەلسەفی. هەرکات ئەو ئاشتیە شکێنراو تێپەری کرد بۆ خەباتێکی ئاشکرای نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان، واتە ئەوکاتەی مەرجەکانی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەسەرچوون، ئیتر ئەوکاتە تاک لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا، دەبێتە ئەو تاکەی زانستی مێژوو لێی دەدوێت، ئەو تاکەی یان بوونی نیە، یان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەو لە نێوەندی کۆمەڵە خەڵکێکدا، مانای مێژوویی خۆی دەدات، ئیتر ئەو کۆمەڵە خەڵکە سەروەرەکان بن یان ژێردەستەکان.

نزیک بوونەوە لە ئابووری سەرمایەداریی جیهانی و چوونە پێشەوەی برجوازیەتی ناوخۆیی لە ڕکابەریی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهاندا، وە هەروەها پێکهاتنی کۆمپانیای هاوپشک، سیستمی دارایی نوێ، مامەڵەی نەتەوە جیاوازەکان لە بازاڕی کوردستاندا، نەک هەر پەیوەندیە کۆنەکان، بەڵکو هەموو ئەو بیروباوەڕو پرنسیپانەیش تێکوپێک دەشکێنن کە گوزارشتێکی خەیاڵی لە واقیعێکی ماتریالیستی دەکەن. ئەم حاڵەتەیش پرسیارە فەلسەفیەکان دەخاتە پشتەوەو پرسیاری مێژوویی دێنێتە سەرشانۆ. واتە ئیتر مێژوو ڕێ خۆشدەکات بۆ پێداچوونەوە بە هەموو دەستەواژە کاڵ و کرچ و تێزە ووشکەکانداو لەبەرامبەریشیاندا، ئەو تێزانە دێنێتە پێشەوەی شانۆ کە مێتودێکی زانستی بەکاردێنن لە توێژینەوەی کۆمەڵگاو هەموو ئەو بابەتانەدا کە فەلسەفە بە تێرامان تێیان دەڕوانێت، ئیتر ئەمە هەر لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە تا بە سیاسەت و تاک و ئایدیاو ئەخلاق و سایکۆلۆژیاو ماف و ئازادی و دەوڵەت دەگات.
ئێمە وا دەبینین لە ئیستادا مێژوو یەکەمین دەرفەتی ڕەخساندووە، بۆ پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەدا کە بە هیچ جۆرێک بەرهەمی سەری خودی کورد خۆی نین، ئیتر ئەمە هەر لە فەلسەفەی عەقڵگەرایی و هەستگەرایی و بوونگەرایی و فەلسەفەی ئەخلاقەوە تا بە مارکسیزم – لینینیزم و مۆدێرنیزم و لیبرالیزم دەگات، بەڵکو ڕۆشنبیرەکان، بۆ گوزارشت لە واقیعێک کە  خۆیان هیچی لەبارەوە نازانن، لە نەتەوەکانی ترەوە قەرزیان دەکەن و کۆمەڵە پرنسیپێکی ئەخلاقییان لێدروستدەکەن بۆ ڕەخنەی کۆمەڵگای کوردی.

ئەم قەرز کردنە بۆ خۆی، هیچ جێگای پرسیار نیە. هەمیشە بیروڕای نەتەوە کۆنەکان، لەنێو هەموو نەتەوە تازەکانی جیهاندا ڕەنگدەدەنەوە، ئیتر زوو یان درەنگ، ئەمەیش خۆگونجاندنی ئەو بیرو ئایدیایانەیە لەگەڵ ئاستێک لە گەشەی مێژوویی نەتەوە تازە دەرکەوتووەکاندا. ئەوەی گرنگە ئەوەیە: ئایا دەکرێت کۆمەڵگای کوردی، چ لەسەردەمە کۆنەکانیداو چ لەسەردەمە نوێکانیدا، وەک یەک، لەیەک سەرچاوەوە بیرو ئایدیا قەرز بکەن؟

لەو سەردەمانەدا کە هێشتا دین، تاکە بیرو بۆچوون بووە بۆ لێکدانەوەی جیهان، ئەوا زۆر ئاسایی بووە، تەنها فەلسەفە لە نەتەوەکانی تر قەرز بکرێت و بخرێتە خزمەتی لێکدانەوە ئاینیەکان، ئەمەیش بەو واتایەی وەک هیگڵ دەڵێت:  فەلسەفە لێکدانەوەیەکی دونیایی دینە، یان وەک فیۆرباخ دەڵێت: تێرامانی فەلسەفی، دواین پەناگای تیۆلۆژیە.
بەڵام ئایا لەو سەردەمانەیشدا کە زانستی سروشتی و زانستی مێژوویی، بوونەتە بنەمای تێڕوانینێکی تاقیگەیی بۆ جیهان، گەڕانەوە بۆ تێرامانە فەلسەفیەکان، دروستە؟

لە ڕاستیدا شتێک نیە پێی بگووترێت ئایدیۆلۆژیای کوردی، یان فەلسەفەی کوردی. کورد خۆی خاوەنی هیچ ئایۆلۆژیایەکی فەلسەفی تایبەت بە خۆی نیە. وە هەموو ئایدیۆلۆژیا هاوردە کراوەکانیش، هەروەک خۆیان، هەروەک سەردەمە کۆنەکانی یۆنان یان ئەڵمانیای سەدەی هەژدەهەم، دووپات دەکرێنەوە، ئیتر بەبێ گوێدانە ئەو مێژووەی بەسەر جیهاندا تێپەڕیوە هەر لە یۆنانی کۆنەوە تا ئەمرۆ.
هەر ئەمەیش وا دەکات ئەو بیروباوەڕو بۆچوونانە، سەر لەنوێ و وەک سەردەمە کۆنەکانیان، بەدەم گەشەی ئابووریەوە، جارێکی تریش، لە کوردستاندا بکەونەوە بەر پرسیارو ڕەخنە. بەتایبەت لەو کاتەدا کە کوردستان هەست بە بوونی خۆی

دەكات لە بازاڕی جیهانیداو دەسەڵاتێكی كوردی پەتییش، ڕێكخەری پەیوەندیە سیاسیە ناوخۆیی و جیهانیەكانە. لە بارێكی ئاوەهادا، دەبێت بپرسین:

ئایا بۆ تێگەیشتن لە جیهان، ناچاری گەڕانەوەین بۆ تێزە فەلسەفیەكانی ئەفلاتوون و هیگڵ و نیتشەو كامۆ؟
ئایا بە عەقڵ – بە فەلسەفە – لە جیهان دەگەین و بە ئەخلاق دەیگۆڕین؟
ئایا هێزی بزوێنەری كۆمەڵگا ڕەخنەیە؟

ڕێمان بدەن با لێرەوەو لە تێڕوانینی زانستی مێژووەوە، وە بە بەكارهێنانی مێتودێكی نوێ، مێتودی زانستی تاقیگەیی، لە دەروازەیەكی ترەوە، بێینە ناو ڕۆشنبیریی كوردیەوە. ئەمەیشی لە بەرگی یەكەمی ئەم باسەدا پێشكەشی دەكەین، هیچ نیە سەرەتایەک نەبێت بۆ ئەو بابەتەی پێویست دەكات لە داهاتوودا درێژەیان پێبدرێت و ووردتر بخرێنە بەر باس و لێكۆڵینەوە، بەتایبەت ئەو ڕاوێژەی تا ئێستایش لە ڕۆشنبیریی كوردیدا بوونی نیە، ئەویش سەرچاوەی مەعریفەیە: ئایا عەقڵ و هەستەكان سەرچاوەی مەعریفەن؟

نەگەیشتن بەو ئاستە مێژووییە، واتە نەبوونی ئەو باسە لە ڕۆشنبیریی كوردیدا تا ئەم ساتەوەختەیش، بەسە بۆ ئەوەی عەقڵی فەلسەفی و فەلسەفەی ئەخلاق، وەک هێزێكی ئەفسانەیی لێكبدرێنەوە لە گۆڕانكاریە كۆمەڵایەتیەكاندا، هێزێک كە دەكەوێتە سەروو واقیعی بە كردەوەی ژیانەوە. تەواوی ئەم باسانەیش هیچ نین، هەوڵێكی سەرەتایی نەبێت بۆ كردنەوەی ڕاڕەوێكی نوێ لە بەردەم ئەو توێژینەوانەدا كە شارستانیەتی نوێ، مەدەنیەتی سەرمایەداری، لە ڕێكخستنەوەی كۆمەڵگادا، لەسەر بنەمای پەیوەندیەكی كۆمەڵایەتی نوێ و لە شانۆیەكی جیهانیدا، خستیە جێگای تێڕامانە فەلسەفەیەكانی ئەفلاتوون و هیگڵ، ئەو تێڕامانەی سەردەمێكی ئێجگار درێژ لە مێژوو، بە تاكە سەرچاوەی مەعریفە دادەنرا.

ئەنوەر نەجمەدین، ٢٠١١
لە كتێبی (ڕۆشنبیریی كوردی لە سێبەری ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانیدا) وەرگیراوە